## نەخۆشی لەخۆبایبوون و خۆ لەبیرچوون!! ... جەمال عەزیز

تێبینی: بۆ ئەم نووسینە وولآت بەراورد کراوە بەسەرتاپا لەشی مرۆڤ، شار بەراوردکراوە بەهەریەکێك لەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، هۆش‌و بیر بەهەمان شێوە بەراوردیەکان ئەیانگرێتەوە.

نابێت هێندە بڵند لەخۆمان بڕوانین پێمانوابێت ئەتوانین ئەستێرە دابگرین.
نابێت هێندە نزم لەخۆمان بڕوانین پێمانوابێت دەستمان ناگاتە تەوێڵمان.

نەخۆشی گەلێك جۆری هەیە کەتووشی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەبێت هەریەکێك لەوئەندامانە کەپێکهاتەی لەشی مرۆڤن ئازارئەچێژن بەهۆی ئەو دوژمنە سەرسەختەی کەڕووبەڕوویان بۆتەوە ئەبێت شەڕی لەناوبردنیان بکات بۆ ئەوەی ئازادی‌و ڕۆح بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەندامە داگیرکراوەی لەش، لێرەدا باس لە دووجۆر نەخۆشی ئەکەین کەئەوانیش وەك هەریەکێك لەنەخۆشیەکانی تر خاوەن سوپاو چەك‌و پڕتفاقن بۆ هێرشکردنە سەرمرۆڤ کەسەرەتایی دەستپێکردنی هێرشکە لەئەندامێکی لەشیەوە دەست پێدەکات، وەك دیاری کردنی (مێشك، دەروون، زمان، پەنجەکانی دەست، چاو، گوێ) ئەمانە ئەو ئەندامانەن یاخودئەو ناوچانەن کە لەدنیای لەشی مرۆڤدالایەنی هێرشبەر بەهۆی نەخۆشی (لەخۆبایبوون‌و خۆلەبیرچوونەوە) بەنیازن هێرشی بکەنەسەر، نەخۆشی‌و خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی ئاواگەورەو بەربڵاو کات‌و جێگای بەبەرنامە ڕێژیەکی تەواوی ئەوێت کەبتوانێ لەڕێگەی هەریەکێك لەو ئەندامانەی لەشەوە سەرتاپای لەش یان وڵاتی لەش داگیربکات.
هۆکارەکانی بەرپابوونی ئەم شەڕە ئەوەیە هەرکەسێك ئەم نەخۆشیە ڕووی تێکرد پێبزانێ یان نەزانێ تووشی ناتەواوی بەرهەڵستکاری بۆتەوە لەڕووی مەعریفی‌و زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەروەها دەرگای وڵاتی خراوەتە سەرپشت لەڕێگای ئەندامە جیاوازەکانی لەشیەوە یان لەڕێگەی کاولکاریەکانی ناو شارە پڕ جەنجاڵەکانی‌وە بۆئەوەی هۆردووی دوژمن لەورێگەیەوە هێرشی خۆی دەست پێبکات لەکاتێکدا وڵاتی نەخۆش‌و دەوڵەتی بێسەروبەرە توانای هیچ بەرانگاریەکی نامێنێ، ئەم خۆئامادەکردن‌و سوپا ڕێکخستنەش لەخۆڕانیە بەڵکو هۆکار هەیە وەك ئەوەی کەسی نەخۆش خۆی لەبیرئەکات کەکێیە یان پێشترکێبووە، لەبیری ئەچێتەوە سەردەمانێك دەروازەی وڵاتی بۆکێ کراوەبوو لەهەمانکاتیشدابۆکێ داخرابوو لەشی مرۆڤ وەك وڵات وایە هەرئەندامێکی لەش وەك شارێك بۆ پێکهاتەی ئەو وڵاتە سنوردارە کەئەستەمە کەسێکی بەناهەق تێبچێ‌و کەسێکیش بەناهەق لێیوەدەرنرێ بەڵام هەرکاتێك بەڕێوەبەری هەریەکێك لەوشارانە کەڕۆح‌و زەین‌و هۆشە خیانەتی لەووڵات کرد مانای ئەوەیە دەرگای ئەخاتەسەر گازی پشت بۆئەوەی هێرشی داگیرکاری لەخۆبایبوون‌و خۆلەبیرچوونەوە ووڵات داگیربکەن، ، پەنجەکانی مرۆڤ خۆی بەئیمبراتۆر ئەزانێ بەرامبەر بەدنیای چواردەور لەکاتێکدا پێنووسی گرتە خۆی ئەوا حساب بۆ هیچ ئیمبراتۆرەکانی تر ناکات ئەگەربەهەڵە نووسی یان ڕیایکردنی نووسی مانای ئەوەیە کە خیانەتی لەشارێکی هاوسنوری خۆی کردو پیلانی دارِشت بۆئەوەی سەرتاپای ووڵات داگیربکرێ چاوهیلاك دەبێ، گوێ توانای نامێنێ، دڵ تەنگەتاو ئەکرێ، زمان لەگۆ ئەکەوێ، ئەمانەو چەندینی تر ئەبنە هۆی داگیرکردنی ووڵاتی

لەش‌و ئەو وێرانکاریانەش چاوەڕوان ئەکرێ، بەهەمان شێوەی پەنجەکان زمانیش شارێکە لەشارەکانی وولاتی لەش کەسەردەمانێك بەرگری کردوە تواناکانی خستبووە خزمەتی پاراستنی سەربەخۆی‌و ڕەوان بێژی‌و زبر بێژی‌و ڕاست بێژیەوە، بەلام ئەگەر زمان باشی نەوت، ئەگەر زمان درۆی لەگەڵ شارەکانی ترداکرد، ئەگەر چاوی خەڵەتان، گوێی بەووشەی باقوبریق پڕکرد، دڵی ترسان، هەستی ڕەنجان ئەوا ئەمیش بەهەمان شێوەی پەنجەکان ئەبێتەهۆی بە داگیرکردنی وولاتی لەش هەریەکێك لەوئەندامانە باس بکەین شارێکەو خاوەن سەرمایەو داهاتو بەرنامەیە بۆ بەرگری کردنی لەوولات یاخود بەپێچەوانەوە.

ئەم نەخۆشی لەخۆبایبوون‌و خۆلەبیرچوونەوەیە دوژمنێکی گەلێك سەرسەختە توانای بەرگری لەمرۆڤدا کەم دەکاتەوە ئامانجیشی لاوازکردن‌و پەرش‌و بڵاوەپێکردنی ئەندامەکانی لەشەو تاکو لەبەریەکیان هەڵبوەشێنێتەوە هیچ ئەندامێك ڕاستگۆیی نەمێنێ لەگەڵ ئەندامێکی هاوسنوری‌دا. نیشانەو دەرئەنجامەکانی ئەم جۆرەهێرش‌و نەخۆشیە کەتوشی هەریەکێك لەشارو ئەندامانی وولاتی لەش ئەبێت ئەوەیە کە مەلیکی وولات ئەگەر دڕندەبێت یان هێمن‌و سالار بێت چاوی کز ئەکات بەڕادەیەك هیچ هەق‌و ناهەقیەك نەبینێت، زمانی لاڵ ئەکات تاکو هیچ ڕاستیەك نەڵێت، گوێی کەڕئەکات تاکوهیچ هاوارێك نەبیستێت، دڵی داگیرئەکات بەڕادەیەك کەجێگەی هیچ خۆشەویستیەکی تێدا ناهێڵێتەوە، ، پەنجەکانی گرمۆڵە ئەکات بەشێوەیەك کەجارێکی تر نەتوانێ پێنووسی پێبگرێ‌و بنووسێ هەق هەرهەقە، قاچەکانی بەشێوەیەك لەیەکتری دوورئەخاتەوە کەهەرگیز نەتوانێ بچێتە نێو باخێکەوەو پەرژینی ببەزێنێ، لووتی توانای بۆنی نامێنێ سەرەڕای ئەمانەش هۆش‌و بیری بەشێوەیەك داگیرئەکات کەنەزانێ مەلیکی کام وولات بووەو کام سەربەخۆی‌و ئازادی‌و یاسای لەدەستداوە.

لەگەڵ ئەوەی هیوادارم هیچ لاشەو وولاتێك تووشی ئەمجۆرە نەخۆشی‌و هێرشانە نەبێت‌و هیچ وولاتێکی داڵ داگیرنەکرێ کەسانێك هەبوون لەناو کەسەکاندا سەردەمانێك سەرتاپای جەستەی وەك پشکۆ سووربوو داخی دڵی دوژمنانی ئازادی پێئەکرد، چاوەکانی هێندە تیژبوو کام ئاسۆ دوور بوو ئەیبینی، پەنجەکانی هێندە بەهێز بوو کەسێك نەبوو کەبتوانێ پێنووسەکەی بشکێنێ، بیرکردنەوەی باڵدارێك بوو هیچ تۆڕێکی ناحەزان نەیئەتوانی ڕاوی بکات، هەنگاوەکانی هێندەفراوان بوو بەدوو لۆق ئەگەیشتە سەرچیای داهێنان، بالای ووتاری هێندەبەرزبوو سێوی لەداری هەموو وولات ئەکردەوە، دڵی وێنەی چراخان بوو تەنها ڕۆڵەی بەجێماوو بێنەوایانی پاشماوەی ئەنفال‌و شەهیدان بارگەو بنەیان تێداخستبوو، بیروهۆشی وێنەی دەریا فراوان بوو مرواری‌و یاقووتی ووشە لەناخیدا مەلەی ئەکرد، بەلام ئەمرۆ نەوولات ماوە نەسنور نەدەروازەو نەپاسەوان هاکەزانیت مەلیکی وولاتە سەربەست‌و سەرفرازەکە خۆی تەسلیم کرد